# خۆپیشاندانی جیهانی له دژی جه‌نگ و داگیرکاری!

**(3 ساڵ به سه‌ر تێپه‌ربوونی جه‌نگ و داگیرکاری له عێراقدا!)**

ئازاد ئارمان
azadarman@hotmail.com



له 18ی مارسی 2006 ، سێ ساڵ تێده‌په‌رێت به سه‌ر جه‌نگ و داگیرکاری له عێراقدا. له‌م ڕۆژدا له سه‌رتاسه‌ری جیهان خۆپیشاندان سازده‌درێت له دژی ئه‌م جه‌نگه به‌ربه‌ریانه‌یه‌ی ئیمپریالیزمی ئه‌مریکی و هاوپه‌یمانه‌کانی. که کۆمه‌ڵگه‌ی عێراق یان یه‌کسان کردووه له گه‌ڵ ترس و تۆقاندن و مه‌رگی هه‌موو ڕۆژه‌دا. له ماوه‌ی سێ ساڵی رابردوودا زیاتر له100000 که‌س بوونه خۆراکی ئه‌م جه‌نگه نگریسه.

پروپاگه‌نده‌یه‌ک که له سه‌ره‌تای داگیرکردنی عێراقه‌وه ده‌زگاکانی بوش و بلێره ده‌یان کرد له سه‌ر ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئه‌وه دوای 3 ساڵ به پراکتیک نیشانیان دا، ئه‌وه‌ی سه‌دامی دیکتاتۆر ئه‌نجامی ده‌دا، نه‌ک هه‌ر ئه‌وان نه‌یان وه‌ستان، به‌ڵکو ڕێگای دیکتاتۆریان درێژه پێداوه‌و ده‌زگا تۆقێنه‌ره‌کانی به‌عس یان له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه شه‌رمه‌زار کرد . دووباره سه‌لماندیان بۆ ته‌واوی خه‌ڵکی جیهان ئیمپریالیزم هه‌رگیزاو هه‌رگیز ناتوانێ ئاشتی و ئازادی بێنێت بۆ گه‌لان.

ئه‌وه‌ی رۆژانه‌ش له میدیاکانیان دا پروپاگه‌نده‌ی بۆ ده‌که‌ن و ده‌یانه‌وێ درێژه به داگیر کاری بده‌ن له ژێر ئه‌م بیانۆیه‌ی گوایه گه‌ر ئه‌وان له عێراقدا بچنه ده‌ره‌وه ئه‌وه ده‌بێته شه‌ڕی ناوخۆ، دیاره ئه‌وه‌ی ئێستا هه‌موو ڕۆژێک، هه‌موو سه‌عاتێک، هه‌موو چرکه‌یه‌ک ڕووده‌دا چی یه؟ ته‌نیا له‌ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌کدا زیاتر له 1000 که‌س گیانیان له ده‌ست داوه.

ستراتیژی ئەمریکا لە عێراقدا ڕوو بەرووی شکست بۆتەوە، لە لایەک باس لە "جەنگی درێژخایەن" دەکات و لە هەمان کاتیشدا باس لە "ستراتیژی دەرچوون" دەکات، لە لایەکی تریشەوە شەڕی ڕاگەیاندنی لە گەل ئێران و سوریا دەست پێکردووە.

زیاتر لە 3 مانگیشە کاریکاتۆری هەڵبژاردن کراوە و هەتاکو ئێستا کابینەکانی دەوڵاتی تازە دەست نیشان نەکراوەو شەڕە لە سەر کورسی یەکان و دەسلاَت.

کۆمەڵگای عێراق لە بەردەم دووریانێکی ترسناک دایە ئەوەی ئەمریکا دەیکات رووەو تێکشکانی یەکجاری ئەم کۆمەڵگایەیە لە هەموو روویەکەوە،

تەنیا ڕێگا وەستانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لە دژی داگیرکاری و چوونە دەرەوەی بێ قەیدو شەرتی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیایە، ئەمە هەنگاوێکە بۆ زامن کردن و دوور خستنەوەی ئەم کۆمەڵگایە لە شەڕی ناوخۆو، هەروەها بەستان و تەریک خستنەوەی دەستی ڕەشی تیرۆریزمیشە. ئەم کاتە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق دەتوانن بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن و دەسەڵاتی دلخوازی خۆیان هەڵبژێرن.

بۆیە گرنگە هەموو تاکێک و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و پیشەیی و جەماوەری یەکان بەشداری ڕاستەوخۆو کاریگەر بکەن لە خۆپیشاندانی 18ی مارسی 2006 لەم شوێنەی تیایە دەژین. نیشانی بدەین تاوەکو ئەوان واز لە کوشت و بڕ نەهێنن، ئێمەش بەردەوام دەبین لە خەباتکردن لە دژی ئەم نیزامەی کە جەنگ بەرهەم دێنێت.

بۆ زانیاری پەیداکردن لە سەر شوێنی خۆپیشاندانەکان لە وڵات و شار و شارۆچکەکانی دونیا سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

1. **http://www.stopwar.org.uk/march20/events.asp**
2. http://www.stopwar.org.uk/